کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:45 9-8-2007

## کاریگەری هەولێر ... لەسەر بارۆدۆخی ئیستا و دوارۆژی جیهانی دا ... محمدعلی عوزێری



باسی هەولێر ئاسان نیە بە چەند دێرە نووسینێك کۆتایی پی بێنی ئەمەش بۆ چەند فاکتەرێك دەگەرێتەوە وەك تایبەتمەندی شارەکە لە رووی مێژوی سیاسی و کەلتوری و کۆمەلایەتی وئابوری و لە رووی پێك هاتەی بیرۆگرافی و فسیۆلۆجی دەربارەی ئایین و نەتەوە دی.

گرنگی شاری هەولێر لە ئیستای جیهانی دا بە بەشدار بوونی لە ململانی سیاسیدا بەشێکی باشی بەر دەکەوی و هێزی سەرکەوتویی سیاسی و دارایی و کۆمەلایەتی وئابووری و ئیدارە کردنی حکومەت و پەرلەمانی یەك لە هەردوو پێك هاتەی سیاسی کوردستان (پارتی و یەکیتی) یە ك لا دەکاتەوە لە هەریمی کوردستان چونکە ئەوەی هەولێر کونترۆل بکات کەواتە کوردستان لە دەسەلاتی دەبی هێزی براوەش دەبی وَ لە سیاسەتی بەغداش بەوە تەرجومە دەکری کە نوینەرایەتی هەریمی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ کەواتە هێز و دەنگی کوردستان لە بەلی ونەخێر دا دیسان ئەو دەبی لە گۆرەپانی سیاسی عیراقدا بەمەش بەشدار دەبی لە یەکلاکردنەوەی پێك هاتەی حکومەت و پەرلەمان و دەسەلاتی سەرۆکایەتی عیراق دیسان لەدەنگی یەکەم دەبی بۆ بەلی و نەخێر لە عیراقدا کە هەر دەم کاریگەری خۆی هەیە ئەم (بەلی و نەخێر) ە بۆ بارودۆخی هەمیشەی و هەنوکەیی عیراقدا کا تا ئیستا بۆ هێزە سیاسیەکان یەك لا نەبۆتەوە کە چۆن کونترۆلی سیاسی و ئیداری عیراق بکەن چونکە بە پەرت وبلاوێکی زۆر بیرو رای جۆراوجۆر ئالوگۆر دەکەن بی ئەوەی بزانن کە ئەم هەموو راو بۆچونە ناکری حاکم دار بی چونکە وەك وولاتانی تر دەبی لایەنێك حاکم بی ئوپۆزۆسیونیشی چاودێر بی ئەمەش وەك کە ئیستا ئەمریکا و بەریتانیا ئامادە باشن لە عیراق بۆ خۆیان پەیرەوەی دەکەن بۆ عیراقیش بە پێچەوانە رەتی دەکەن بە بیانوی بەشداری فرە حزبی.

دیسان دەگەرێمەوە بۆ هەولێر، باردودۆخی ودۆزی عیراق بە ناسکترین بواریدا تی دەپەری لە یەك لاکردنەوەی سیاسی و مەزهەبی و بۆ هەموان ئاشکرایە کەمێژوو سەر لە نووێ بە چەند راو بۆ چوونی جۆراو جۆر رەنگاو رەنگ لە سپی رەشی زمان و ئایین و هێزی سەربازی دەنوسرێتەوە بەبی ئەوەی را ی هەبی، هەر بۆیە هەولێر بەشداری دەبی لەم هەموو بوارە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئیداری عیراقدا کەئەم بوارانەش بە بەلی و نەخێردا دەنگی یەکەم دەبی بۆ سەقام گیری جیهانی کەئیستا لە خرابترین بارودۆخی دایە بە هۆی عیراقەوەو بۆ زۆری دەسەلادارانی بەلی ونەخێرەکانی عیراق دەگەرێتەوە چونکە ئیستا ستراتیژیەتی حزب و بەرێوە دەبات نەوەك حکومەت ئەمانە هەموو کاریگەری دەبی لە درێغی نەکردن بۆ هەولێر و خەلکی هەولێر تا بتوانی لە رۆژکاری سیاسی وەك پێشتر مێژوو تۆمار بکاتەوە نەك تەنها بۆ کوردستان بەلکو بۆ گشت جیهان

Uzere1971@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.